scottish refugee council

# ڕێنوێنی دابینکردنی خانووبەرە بۆ پەنابەران لە سکۆتلەند

## بژاردەکانی پێوەندیدار بە خانووبەرە: نیشتەجێ بوون لە دەرەوەی گلاسگۆدا

بڵاڤۆکی 2 – دیسامبەری 2010

Kurdish Sorani

ئەگەر بۆ داواکاریی پەنابەریەتی ئێوە وەڵامی ئەرێنی (پۆزیتیڤ) بدرێتەوە، ئێوەش هەر ئەو ماف و خزمەتگوزاریانەی وەردەگرن کە هاووڵاتییانی ئینگلیزی هەیانە؛ لەوانە ئازادی بۆ هەڵبژاردنی شوێنی ژیان.

وێرای ئەوە ئەگەر بەمەبەستن بگوێزنەوە بۆ ئینگلیز یان وەلز، ڕەنگە سەخت بێت. کەوایە تکایە لەم بڵاڤۆکەدا بەشی پێوەندیدار بە گواستنەوە لە سکۆتلەند بخوێننەوە، و/یان لە تیمی ڕاوێژکاریی خانووبەرەی ئێمە داوای یارمەتی و ڕێنوێنی بکەن.

ڕەنگە بە مەبەستی نیشتەجێ بوون لە دەرەوەی گلاسگۆ بن. لەم کاتەدا، ئەم نامیلکە چۆنیەتی دابینکردنی خانووبەرە بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە و هەروەها دەڵێت کە ئەگەر وەرگرتنی یارمەتی پەنابەریەتی لە نووسینگەی ناوەندی NASS (پێشوو) ڕاگیردرێت چ بارودۆخێک دێتە پێشێ. پێش بڕیاردان بۆ بەجێهێشتنی گلاسگۆ، کەڵک وەرگرتن لە ڕاوێژکاریەکانی گرووپی دابین کردنی خانووبەرەی پەنابەران، لە ڕێگای پەیوەندی کردن بە ژمارەی **0800 085 6087** پێویستە.

**من مۆڵەتی نیشتەجێ بوونم هەیە - ئێستاکە بارودۆخەکە چۆنە؟**

پاش وەرگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێ بوون لە بەریتانیا لە دامەزراوەی سنوورەکانی بەریتانیا، ئیتر وەکو پەناخواز نادرێنە قەڵەم. واتە ئەم دامەزراوەیە چی تر پشتگیری ماڵیی یان خانووبەرە پێشکەشی ئێوە ناکات.

**من مۆڵەتی نیشتەجێ بوونم هەیە و دەمهەوێت لە ناوچەیەکی تری سکۆتلەندا نیشتەجێ بم. دەبێت چی بکەم؟**

ئەگەر ئێستاکە کاری نیشتەجێ بوونی خۆت لە ناوچەی دڵخوازی خۆتدا جێبەجێ کردووە، پێشکەشکاری ئێستاکەی سەرپەنای خۆت ئاگادار بکەوە و بۆ شوێنی نوێ بگوێزنەوە. بەرپرسایەتی گواستنەوەی کەلوپەلەکە تاکو شوێنە نوێیەکە بە ئەستۆی خودی ئێوەیە.

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەند، دامەزراوەیەکی خێرخوازی تۆمارکراوە لە سکۆتلەند. دامەزراوەی خێرخوازی تۆمارکراوی: SC008639

ئەگەر هێشتاکو بۆ دابین کردنی خانووبەرە دەست بەکار نەبوون، دەبێت داواکاریەکی بێ خانەولانی پێشکەش بکەن. چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەم کارە پێبەستەی شوێنی ژیانی ئێستاکەی ئێوەیە:

- ئەگەر لە سەرپەنای دابینکراو لەلایەن ئەنجومەنی شاری گلاسکۆوە دەژین، دەبێت حەزی خۆتان لەسەر گواستنەوە بۆ شوێنی نوێ، بۆ ئەم ئەنجومەنە رابگەینن. ئەنجومەنەکە بۆ ئێوە ئاگاداریەک بۆ بەجێهێشتنی سەرپەنای دابینکراو لەلایەن نووسینگەی ناوەندییەوە (NASS پێشوو) دەردەکات.
- ئەگەر لە سەرپەنای دابینکراو لەلایەن Angel یان YMCA دا دەژین، دیسان ئاگادارکردنەوەی چۆڵ کردن بۆ ئێوە دەردەچێت. بەم ئاگادارکردنەوە ئێوە دەتوانن وەکو بێ خانەولانێک لە ناوچەیەکدا کە بە مەبەستی نیشتەجێ بوونن، ئامادە بن.

**شێوەی پێشکەش کردنی داواکاریی بێ خانەولانی چۆنە؟**

زۆربەی ئەنجومەنەکان گروپێکی پێوەندیدار بە بێ خانەولانییان هەیە کە هەموو داواکاریەکانی بێ خانەولانی لێکدەداتەوە، یان نووسینگەکانی دابین کردنی خانووبەرەی خۆجێیی دەتوانن ئەم داواکاریانە وەرگرن. ئەوەی کە دەبێت داواکاریی بێ خانەولانی خۆتان پێشکەشی کوێ بکەن، لە رێگای پەیوەندی کردن بە ئەنجومەنی ناوچەیەک کە بە مەبەستی نیشتەجێ بوون لەوێدان، دیاری دەکرێت.

بۆ دەستەبەر کردنی زانیاریی زۆرتر لەسەر ئەنجومەنە خۆجێییەکانی سکۆتلەند، ماڵپەڕی Directgov چاولێکەن:

http://www.direct.gov.uk/en/Dl1/Directories/DevolvedAdministrations/DG_4003604

هەروەها دەتوانن لەسەر هەرکام لە ئەنجومەنەکان لە رێگای دایریکتۆری خزمەتگوزاریی راوێژکاریی شێلتێر سکۆتلەند، زانیاریی زۆرتر وەرگرن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_services_directory

بەرپرسایەتی گواستنەوەی کەلوپەل تا شوێنی نیشتەجێ بوون، بە ئەستۆی خودی ئێوەیە.

**ئەگەر داواکاریی بێ خانەولانی پێشکەش بکرێت چ روودەدات؟**

بە هۆی ئەوەی کە ئێوە لەسەر بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆتان مافی هەڵبژاردنتان نییە، دەتوانن داواکاریەکی بێ خانەولانی پێشکەشی ئەنجومەنی ناوچەیەک بکەن کە بە مەبەستن لەوێدا بن. ئەم ئەنجومەنە ئەرکی ئەوەی هەیە کە تا کاتی بریاردان لەسەر داواکاریەکەتان، ئێوە نیشتەجێ بکات.

بۆ بڕیاردان لەسەر داواکاریەکەی ئێوە، ئەنجومەن دەبێت هەندێ بابەت لە بەرچاو بگرێت. لەوانە:

- پەسەندی بکەن کە ئێوە خانوویەکتان نییە یان لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا خانووەکەی خۆتان لە دەست دەدەن؛
- بڕیار بدات کە داواکاریەکەی ئێوە بخاتە چ سەرپشکێکەوە؛ لەبەر ئەوەی کە کەسانێکی زۆر لە خانووبەرە دەگەڕێن. بۆ نموونە دەبێت تەندروستی ئێوە و هەرکام لە ئەندامانی خێزان کە لەگەڵ ئێوە دەژین، لە بەرچاو بگرێت. هەروەها هەبوونی منداڵ و بارودۆخی ئێوە وەکو پەناخوازیکی پێشوو، لە بەرچاو بگرێت.
- لەوەی کە لە ڕەوتی بێ خانەولان بووندا، ئێوە بۆخۆتان تەقسیر و هەڵەیەکتان نەبووە دڵنیا بیێتەوە. لەوێوە کە ئێوە ناتوانن شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستاکەی خۆتان بەجێ بهێڵن، لەوە بە دوورە کە ئەنجومەن ئێوە وەکو کەسێک کە بە ئەنقەست بێ خانەولان بووە لەبەرچاو بگرێت.

**چۆن ئاگادار ببمەوە کە ئەنجومەن لەسەر من بڕیاری داوە؟**

ئێوە نامەیەکتان پێدەگات کە بڕیاری ئەنجومەن لە ماوەی 28 ڕۆژ پاش داواکاریەکە، بە ئێوە ڕادەگەیێنێت. ئەگەر ئەم بڕیارە لە ڕوانگەی ئێوەوە نادروست بێت، دەتوانن داواکاریی پێداچوونەوە پێشکەشی ئەنجومەن بکەن. ئێوە دەبێت پێش جێبەجێ کردنی ئەم کارە دەستبەجێ ڕاوێژکاریی بکەن: بە گرووپی دابینکردنی خانووبەرەی کۆچبەران بە ژمارەی **0800 085 6087**، یان یەکێ لە دامەزراوەکانی ڕیزکراو لە کۆتایی ئەم نامیلکەیدا پەیوەندی بکەن.

**شارەوانی دیاری کردووە کە من بێ خانووم. ئێستاکە چ ڕوودەدات؟**

شارەوانی بۆ ئێوە خانوویەکی هەمیشەیی دەدۆزێتەوە. هەر شارەوانیەک ڕەنگە سیاسەتێکی جیاوازی هەبێت سەبارەت بە ڕێژەی ئەو جارانەی کە خانوویەکی هەمیشەیی بۆ ئێوە پێشنیار دەکات. هەر پێشنیارێ کە دەکرێت دەبێت بە شێوەی نووسراوەیی بێت. ئەگەر وادەزانن کە خانوویەکی پێشنیارکراو بە قازانج نییە و قبووڵ ناکرێت و پێداویستیەکانی ئێوە دابین ناکات، ئێوە مەجبوور نین کە ئەوە قبووڵ بکەن. وێڕای ئەوە، پێش ڕەتکردنەوەی خانوویەکی پێشنیارکراو، چاکتر وایە کە لە ڕێگای ژمارە تەلەفۆنی **0800 085 6087** بە تیمی خانووبەرەی پەنابەرانی ئێمەوە پەیوەندی بکەن و داوای ڕێنوێنی بکەن.

ئێوە مەجبوور نین چاوەڕوانی پێشکەش کردنی پێشنیارەکانی خانووبەرە لەلایەن ئەنجومەنەوە بن. ئێوە هەروەها دەتوانن:

- لە ڕێگای یەکیەتی خانووبەرەوە بۆ دابین کردنی خانووبەرە دەست بەکار بین
- بکەونە دوای بە کرێ گرتنی شوێنێکی تایبەتی.

بۆ دەستەبەر کردنی زانیاریی زۆرتر سەبارەت بەو بژاردانەی کە لە پێش دان، سەردانی ماڵپەڕی شێلتێر سکۆتلەند بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_topics/finding_a_place_to_live/asylum_seekers_and_refugees/asylum_seekers_with_leave_to_remain/former_asylum_seekers_and_homelessness#3

**من به مەبەستی پێشکەش کردنی داواکاریی بێ خانەولانی نیم. بژاردەکانی دابین کردنی خانووبەرەی من لە سکۆتلەندا چییە؟**

ڕێگای جۆراوجۆر بۆ دۆزینەوەی خانووی نوێ لە سکۆتلەند هەیە:

- بەکرێ گرتنی خانوو لە خاوەنماڵێکی تایبەتی یان ئاژەنسی بەکرێ دان
- ئەگەر خوێندکارن لە زانینگە (کۆلیج) یان زانکۆ، دەتوانن ماڵێک لەوان بە کرێ بگرن
- دەتوانن خانوویەک بکڕن

**چۆن خانوویەک لە ئەنجومەنی خۆجێیی بە کرێ بگرم؟**

زۆربەی ئەنجومەنەکان لە سکۆتلەندا، خانووگەلێکیان بۆ بەکرێ دان هەیە. ئەگەر تەمەنی ئێوە لە سەروەی 16 ساڵ بێت و مۆڵەتی (نامەی ڕێگەپێدانی) نیشتەجێ بوونتان هەیە، دەتوانن بۆ دابین کردنی خانووبەرە لە ڕێگای ئەنجومەنەوە دەست بەکار ببن.

بۆ دەست بەکاربوون لە ڕێگای ئەنجومەنەوە، دەبێت فۆرمێکی داواکاریی پڕبکەنەوە کە دەتوانن ئەم فۆرمە لە بەشی دابین کردنی خانووبەرەی ئەنجومەن وەرگرن. ئێوە دەتوانن لە ڕێگای داواکاریی نووسراوەییەوە، بە تەلەفۆن یان بە هاتن، فۆرمێک لە کارگێری نووسینگەی ئەنجومەن وەرگرن. لەگەڵ ئەم فۆرمەدا، ئەنجومەن نامیلکەیەک بریتی لەو زانیاریانەی خوارەوە پێشکەشی ئێوە دەکات:

- چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرمەکە؛
- بەڵگەی پێویست بۆ دیاری کردنی شوناس؛
- بارودۆخ پاش پڕکردنەوەی فۆرمەکە بە چ شێوەیەک دەبێت؛
- چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنجومەن بۆ تەرخان کردنی خانوو بۆ تاکەکان.

ڕەنگە ئەنجومەن ڕیزێکی چاوەڕوانی زۆر درێژی هەبێت؛ سەبارەت بە ڕادەی پێویستی ئێوە بە خانووبەرە بە پێی کۆیەک لە یاساکان – سیاسەتی تەرخان کردن – هەڵسەنگاندن جێبەجێ بکرێت. بۆ نموونە، سەبارەت بە کەسانی بێ خانەولان سەرپشک و پلەبەندی دەکرێت.

**چۆن خانوویەک لە یەکیەتی خانووبەرە بە کرێ بگرم؟**

ئەگەر تەمەنی ئێوە لە سەروەی 16 ساڵ بێت، دەتوانن لە ڕێگای هەموو یەکیەتیەکانی خانووبەرەوە دەست بەکار ببن.

ئێوە دەتوانن لە هەر یەکیەتیەکی خانووبەرەی نزیک خۆتان، فۆرمێکی داوانامە و هەروەها زانیاریی سەبارەت بە چۆنیەتی دەست بەکار بوون و چۆنیەتی تەرخان کردنی خانووبەرە لەلایەن یەکیەتیەوە وەرگرن. زۆربەی یەکیەتیەکان ڕیزی چاوەڕوانی زۆر درێژیان هەیە؛ کەواتە لەم بژاردە وەکو تەنیا بژاردەیەک کە لە پێشدایە کەڵک وەرمەگرن. بۆ دەستەبەر کردنی زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە چۆنیەتی بەکرێ گرتنی خانوو لە یەکیەتیەکی خانووبەرە، سەردانی ماڵپەڕی شێلتێر سکۆتلەند بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_topics/finding_a_place_to_live/housing_associations

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەند، دامەزراوەیەکی خێرخوازی تۆمارکراوە لە سکۆتلەند. دامەزراوەی خێرخوازی تۆمارکراوی: SC008639

**چۆن دەبێت موڵکێک لە خاوەنماڵی تایبەتی بەکرێ بگرم؟**

ڕێگای جۆراوجۆر بۆ دۆزینەوەی موڵکی تایبەتی بۆ بەکرێ گرتن هەیە:

- پرسیار لە خێزان، هەواڵان یان هاوکارەکان سەبارەت بە ئەگەری ئاگاداری ئەوان لە سەر شوێنێ بۆ بە کرێ گرتن
- چاولێکردنی ئاگاداری سەر شووشەی دوکانەکان و سەر تابلۆی ڕاگەیاندنی سووپەرمارکێتەکان، ناوەندەکانی کۆبوونەوە یان کۆلیجەکان و زانکۆکان. هەروەها دەتوانن ئاگاداریەک لەسەر ئەوەی کە لە شوێنێ بۆ بەکرێ گرتن دەگەڕن، دالکێنن.
- چاولێکردنی ئاگاداری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە خۆجێییەکاندا
- گەڕانی سەر هێڵ (ئانلاین): ماڵپەڕی زۆر هەن کە ڕیزی ئەو موڵکانەی کە بۆ بەکرێ دانراون، پێشکەش دەکەن
- پرسیار لە ئەنجومەنی خۆجێیی سەبارەت بە زانیاریی پێوەندیدار بە خاوەنماڵە تاکەکسیەکان
- ئاژەنسگەڵێک کە کاریان بەکرێدانە - ئەوانە لە زۆربەی شوێنەکانی فرۆشگەکاندا نووسینگەیان هەیە یان ئەوەی کە دەتوانن بە شێوەی ئانلاین لەوانە بگەڕێن.

هەندێ بابەتی جۆراوجۆر هەیە کە دەبێت بۆ بەکرێ گرتنی تایبەتی لە بەرچاو بگیردرێن. دەتوانن نامیلکەی 6 لەم کۆیە لە ژێر سەردێری "بەکرێ گرتن لە خاوەنماڵێکی تاکەکسی" چاولێکەن کە لە ماڵپەڕی ئەنجومەنی کۆچبەریی سکۆتلەندا هەیە. دەتوانن سفارشتی زۆرتر لە گرووپی دابین کردنی خانووبەرەی پەنابەران بە ژمارەی **0800 085 6087**، وەرگرن.

بۆ دەستەبەر کردنی زانیاریی زۆرتر لەسەر بەکرێ گرتنی خانوو لە خاوەنماڵێکی تایبەتی، سەردانی ماڵپەڕی شێلتێر سکۆتلەند بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_topics/finding_a_place_to_live/renting_privately/finding_private_rented_accommodation

**بارودۆخی خوێندکاران چۆن دەبێت؟**

کاتێ زانینگەیەکی (کۆلیجێکی) زانکۆ سەرپەنایەک بۆ ئێوە پێشنیار دەکات، دەبێت زانیاریگەڵێک لەسەر دابینکرنی خانووبەرەش بۆ ئێوە بنێرێت. ئەگەر زانیاریتان وەرنەگرت، بە بەشی دابین کردنی خانووبەرەی کۆلیجەکەوە پەیوەندی بکەن.

بۆ دەستەبەر کردنی زانیاریی زۆرتر لەسەر دابین کردنی خانووبەرەی خوێندکاریی، سەردانی ماڵپەڕی شێلتێر سکۆتلەند بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_topics/finding_a_place_to_live/student_accommodation

وەکو خوێندکارێک، دەتوانن لە ڕێگای یەکیەتی خانووبەرە یان (GHA)ەوە بۆ دابین کردنی خانووبەرە دەست بەکار ببن یان لە خانووی تاکەکسی بگەڕێن.

ئەگەر خوێندکارن، ڕیزی ئەو خاوەنماڵانەی کە بەکرێ خانوو دەدەنە خوێندکاران، لە نووسینگەی خانووی خوێندکاریی داوا بکەن

**چۆن خانوویەک بکڕم؟**

ئەم بابەتە گرنگە کە لە کاتی کڕینی خانوودا، لە ڕاوێژکارێکی پێوەندیدار بە دارایی سەربەخۆ لە پێوەندی لەگەڵ تێچوونەکان و پارەی پێویست ڕێنوێنی وەرگرن و ڕاوێژ بکەن تاکو دڵنیا ببنەوە کە دەتوانن لە داهاتوودا لە ئەستۆی خاوەندارێتی ئەوە بەر بێن.

ڕەوتێکی یاسایی، بەرژەوەندیەکانی ئێوە و فرۆشیار لە کاتی کڕینی خانوودا دەپارێزێت. حەتمەن لە کەسانی دڵنیا، چاکتر وایە لە پارێزەرێک، ڕاوێژکاریی وەرگرن. ئەو کارانەی کە پێویستە جێبەجێی بکەن، لێرەدا ئاماژەی پێکراوە:

- لە توانای خۆتان بۆ کڕینی خانوو –بۆ وێنە توانایی ماڵی – دڵنیا ببنەوە. خەرجیی تر وەکو خەرجیی یاسایی و خەرجیی پێداچوونەوەش هەیە.
- پارێزەرێک بدۆزنەوە کە بتوانێت بە ڕەوتە یاساییەکەدا ڕابگات
- موڵکی دڵخوازی خۆتان بدۆزنەوە

بۆ کڕینی خانوو، کۆیەک لە ڕەوتەکان هەیەو بە ئەگەرەوە کاتی درێژخایەن بۆ ئەم کارە پێویستە. هەروەها دۆزینەوەی شوێنی شیاو دەتوانێت خەرجیی هەبێت؛ کەواتە کەڵک وەرگرتن لە ڕاوێژکاریی شیاو، پێویستە.

دەتوانن بۆ زانیاریی زۆرتر لەسەر چۆنیەتی کڕینی خانوو، سەردانی ماڵپەری شێلتێر سکۆتلەند بکەن:

http://scotland.shelter.org.uk/getadvice/advice_topics/finding_a_place_to_live/buying_a_home

**من مۆڵەتی نیشتەجێ بوونم هەیە و دەمهەوێت لە ئینگلیز یان وەلزدا نیشتەجێ بم. دەبێت چی بکەم؟**

ئەگەر ئێستاکە کاری نیشتەجێ بوونی خۆت لە ناوچەی دڵخوازی خۆتدا جێبەجێ کردووە،لەسەر ئەم گواستنەوەیە بە جید بیر بکەنەوە و لە ڕاوێژکاری کەڵک وەرگرن. ڕەنگە هەبوونی ئێوە لەم ناوچانەدا وەکو بێ خانەولان سەخد بێت؛ لەبەر ئەوەی کە یاساکانی دابین کردنی خانووبەرە لە ئینگلیز و وەلزدا جیاوازن لەگەڵ سکۆتلەند. ئەگەر نەتوانن پێبەستەبوونی خۆجێیی خۆتان بسەلمێنن، ڕەنگە بەرپرسانی خۆجێیی ئەم ناوچانە ئێوە بنێرنەوە بۆ سکۆتلەند.

**" پێبەستەبوونی خۆجێیی" چییە؟**

جگە لە ڕەوشی هەلاتن لە توندوتیژی نێوخێزان یان توندوتیژیەکانی تر، ئێوە دەبێت بیسەلمێنن کە لەو ناوچانەیدا کە بە مەبەستن لەوێدا نیشتەجێ بن، پێبەستەبوونی خۆجێییتان هەیە. ئەم پێبەستەبوونە دەتوانێت ئەو بابەتانەی خوارەوە لەبەر بگرێت:

- پێبەستەبوونی خێزانیی – جگە لە منداڵانی مام، پوور، خاڵۆ و میمک
- پێویستیەکانی تەندروستی – ئەگەر دەستتان بە چارەسەری پێویست ناگات، لەو ناوچانەیدا کە ئێستاکە تیایدا دەژین
- پیشە - دەبێت کارێکی پەسندکراو بێت

ئێوە ناتوانن شوێنێکی فێرکردن یان پەروەردە وەکو پێبەستەبوونی خۆجێیی لە بەرچاو بگرن. بەرپرسایەتی گواستنەوەی کەلوپەل تاکو شوێنی نیشتەجێ بوون، بە ئەوستۆی خودی ئێوەیە.

ئەگەر هەر ئێستاکە کاری نیشتەجێ بوونی خۆت لە ناوچەی دڵخوازی خۆتدا جێبەجێ کردووە، ئێوە بەتەنیا دەبێت پێشکەشکاری ئێستاکەی سەرپەنای خۆت ئاگادار بکەوە و بۆ شوێنی نوێ بگوێزنەوە. بەرپرسایەتی گواستنەوەی کەلوپەلەکە تاکو شوێنی نیشتەجێ بوون، بە

**دەکرێ زانیاریی زۆرتر لە کوێ وەرگیردرێت؟**

ئەم نامیلکەیە بریتییە لە سفارشتگەلێکی گشتی. ئێوە دەبێت پێش بەجێهێشتنی گلاسگۆ بە جید بیر بکەنەوە. ئەگەر دەتانەوێت لەسەر ئەو بژاردانەی لە پێشتان دایە زانیاریی وەرگرن، دەبێت بە گرووپی دابین کردنی خانووبەرەی پەنابەران بە ژمارەی **0800 085 6087** پەیوەندی بکەن.